# مەسعود بارزانی نیگەرانی خۆی لە شەڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەڵەب دەردەبڕێت

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی رایگەیاند، ئەو بارودۆخە مەترسیدار و ئەو شەڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەڵەب هەیە جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی سڤیل و هاوڵاتیانی بەتاوان دروستکردوە و هەڕەشەی پاکتاوی ئەگەزی لەدژی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی، ئەوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، لە پەیامێکدا وتیە"ئەو بارودۆخە مەترسیدار و ئەو شەڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەلەب هەیە جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی سڤیل و هاوڵاتیانی بەتاوان دروستکردوە و هەڕەشەی پاکتاوی ئەگەزی لەدژی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە."

سەرۆکی پارتی وتوشیەتیە"داوا لە دەسەڵاتدارانی سوریا دەکەم ناکۆکیی سیاسی نەکرێتە ناکۆکیی نێتەوەیی و لەو کەشە و گرفتانەی لە ناوچەی حەڵەبدا هەن ئەگەر نەدرە هاوڵاتیانی کورد توشی گوشار و زەبروزەنگ و دەرکردنیان لە شوێنی باب و باپیرانیان و پاکتاوی ئەگەزی ببنەوە."

ئەوەشی خستەڕو"هێرشەها داواش لە لایەنە کوردییەکان و بە تایبەت (قسد) دەکەم ئەوەی لە توانایاندا بێت بیکەن لەپێناو ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان و ڕێگەگرتن لە خونەشتنی زیاتر و هەردولا کار بە گرتنەبەری ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ بکەن بە چارەسەرکردنی کێشەکان."

مەسعود بارزانی هەمای بە ئەوەش کردوە "ناکرێ بونی ناکۆکیی سیاسی ببێتە هۆی ئەوەی ژیانی خەڵکی سڤیل بخرێتە ژێر مەترسی و پاکتاوی ڕێگەزی لەدژی گەلی کورد ڕوبدات و ئەوە تاوانی دژی مرۆڤایەتییە و دەرئەنجامی مەترسیداری لەدەکەوێتەوە."

دەقی پەیامەکەی مەسعود بارزانی:

بەناوی خودای مەزن و دلڤان

گەلانکاریی سیاسیکانی سوریا دەرفەتێکی باش بو بە دەزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بە ئەوەی ڕێچاوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە سوریا بکرێت و سەرجەم کێشکانیش چارەسەر بکرێن. لەوپێناوەشدا لەگەڵ هەمو لایەنەکان هەوڵی زەرمان دا کە پەویستە هەرچی گرفت و ناکۆکی هەیە لەڕێگەی دیالۆگ و بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن.

بەڵام ئەو بارودۆخە مەترسیدار و ئەو شەڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەلەب هەیە جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی سڤیل و هاوڵاتیانی بەتاوان دروستکردوە و هەڕەشەی پاکتاوی ڕێگەزی لەدژی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە.

داوا لە دەستەڵاتدارانی سوریا دەکەم ناکۆکیی سیاسی نەکرێتە ناکۆکیی نێتەوەیی و لەو کێشە و گرفتانەی لە ناوچەی حەلەبدا هەن ڕێگە نەدرێ هاوڵاتیانی کورد توشی گوشار و زەبروزەنگ و دەرکردنیان لە شوێنی باب و باپیرانیان و پاکتاوی ڕێگەزی ببنەوە، هێرشەها داواش لە لایەنە کوردییەکان و بە تایبەت (قسد) دەکەم ئەوەی لە توانایاندا بێت بیکەن لەپێناو ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان و ڕێگەگرتن لە خونەشتنی زیاتر و هەردولا کار بە گرتنەبەری ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ بکەن بە چارەسەرکردنی کێشەکان. ناکرێ بونی ناکۆکیی سیاسی ببێتە هۆی ئەوەی ژیانی خەڵکی سڤیل بخرێتە ژێر مەترسی و پاکتاوی ڕێگەزی لەدژی گەلی کورد ڕو بدات و ئەوە تاوانی دژی مرۆڤایەتییە و دەرئەنجامی مەترسیداری لەدەکەوێتەوە.

مەسعود بارزانی

7ی کانونی دوهمی 2026